کوردی | ENG

# پێڕستی وەبەرهێنان

## قوشتەپە

پڕۆژەی پەرەپێدانی حکومەتی خۆجێیی (LOGOReP) داڕشتنی پلانێکی فرە سیناریۆو درێژخایەن لەگەڵ دیدگایەکی فراوان

4 پەیامێک لە بەڕێوەبەری شارەدێیی قوشتەپە

6 شارەوانی قوشتەپە / کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو

8 دەستەی وەبەرهێنانی قوشتەپە / چوارچێوەی کاری وەبەرهێنانی هاوبەش

9 بە یەکەوە کارکردن / بەشداریکردن لەپێناو بەردەوامیدان

10 چوار پرۆگرامەکەی کارکردن / دیدگایەکی یەککگرتووی درێژخایەن

پرۆگرامەکانی کارکردن (LOGOReP)

12 1. ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو
20 2. گواستنەوەی گشتی و باشکردنی شەقامەکان
24 3. ژێرخانی بنچینەیی
28 4. دامەزراوەکان و خزمەتگوزارییەکان

35 جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاو / شێوازی وەبەرهێنانی ستراتیژی

” جێگای خۆشحاڵیمانە کە ئەم پێڕستەی وەبەرهێنان پێشکەش دەکەین. دروستکردنی ئایندەی قوشتەپە تەنها ئەرکی شارەوانی نییە. پێکەوە لەگەڵ دانیشتوان و کۆمەڵگای کارسازی و هاوبەشەکانی گەشەپێدان هەڵستاوین بە ئامادەکردنی دیدگایەک بۆ دەیەکانی داهاتوو، کە لەسەر نەریتەکانی ئێستامان داڕێژراوە.

ئەم پلانانە سەرجەم کایەکانی ژیان لەخۆیان دەگرن. هەموو ئەم کارو پڕۆژانە دەستبەجێ ئەنجام نادرێن، بەڵام لەگەڵ هاوبەشەکانمان دەستمان کردووە بە جێبەجێکردنی پڕۆژە سەرەتاییەکان. هیوامان وایە کە تەواوی دیدگاکەمان بەدیبێت لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا“ .

بەڕێوەبەری شارەدێی قوشتەپە بەڕێز عەبدولسەتار ئاغا عومەر هەروەها بەڕێوەبەری شارەوانی بەڕێز عەبدولقادر موزەففەر حوسێن.









# وەبەرهێنان لەگەڵ ئێمە بکە

پەرەپێدانی خۆجێیی دەستپێدەکات بە بەشداری خاوەن بەرژەوەندی لایەنە پەیوەندارە خۆجێییەکان و شارەوانی و پیاوانی ئایینی و سەرکردەکانی کۆمەڵگا و کەرتی تایبەت. هاونیشتیمانیان، بە گەنج و پیرەوە، بە ژنان و پیاوانەوە، پێداویستی و هیواو ئاواتی تایبەت بە خۆیان هەیە. هەمان شت جێبەجێ دەبێت لەسەر کامپی پەنابەران کە ماوەیەکی زۆرە بووە بە بەشێک لە قوشتەپە.

هاوکات، پەرەپێدان تەنها لەسەر ئاستی خۆجێیی نییە. حکومەتی کوردستان، لە ڕێگەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لایەنێکی گرنگ بووە لە داڕشتنی ئەو پێڕستەی وەبەرهێنان و ئەو دیدگایەی دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی. لە کۆتاییدا، چەندین هاوبەشی گەشەپێدان وەک – VNGI, DRC و UNHCR - پێویستە ئاماژە بدرێت بە ڕۆڵی بەرچاویان لە ئامادەکردنی ئەم پێڕستە.
ئەم پێڕستی وەبەرهێنانە ئەوە پیشان دەدات کە چۆن قوشتەپە داهاتوو بونیاد دەنێت. بە شێوەیەکی زۆر کردارەکی، ڕێبەرێکە بۆ دۆزینەوەی دیدگای گەشەپێدان. هەنگاو بە هەنگاو هەروەها بە جێبەجێکردنی پڕۆژە لەدوای پڕۆژە، شارەوانی دەبێتە ئەو شارەوانییەی کە خۆی دەیەوێت لەڕێگەی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەموو ئەوانەی بەشداردەبن.

قوشتەپە بانگهێشتتان دەکات بۆ ئەوەی بەشێک بن لە بنیاتنانی کوردستان لە ڕێگەی دامەزراندنی شارەوانی بەهێز. ئەم پێڕستی وەبەرهێنانە سەرەتایەکی باشە بۆ بەشداریکردن و وەبەرهێنان لە داهاتووی هاوبەشمان.

شارەوانی قوشتەپە

# کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو


قوشتەپە کەوتۆتە ناوەڕاستی ئەو گردۆڵکانەی کە لە وەرزدا ڕەنگی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانە دەگرێت کە ناوچەکە بەو بەرهەمانە بەناوبانگە. ئەم شارەدێیە کەوتۆتە نێوان هەولێر و کەرکوک وە بە شێوەیەکی ئاسایی گەشەی سەندووە لە ڕێگەی بەرهەمهێنان بۆ ئەم بازاڕانە.

ژیان و گوزەران کردن لە مێژووی نزیکی قوشتەپەدا ئاسان نەبووە. بە هەمان شێوەی سەرجەم ناوچەکانی دیکەی کوردستان، رابردوو وای لە دانیشتوانی قوشتەپە کردووە خۆڕاگربن و هەمیشە ئامادەبن زۆرترین بەرهەمیان هەبێت بە کەمترین سەرمایە. شارەدێیەکە بۆتە نیشتیمانی ئەو پەنابەرانەی لە ناوچەکانی گرژی و ململانێ رایان کردووە.

لەرێگەی بەیەکەوە ژیان، هەموو خەونەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەدێیەکە لەپێناو باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان و دابینکردنی ئایندەیەکی باشترە بۆ منداڵەکانیان. کشتکاری و کەرتە پەیوەندیدارەکانی تر بنچینەن بۆ فراوانکردنی ئابووری لەرێگەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و خزمەتگوزارییەکان.

شارەدێی قوشتەپە: چەند راستییەک
ژمارەی دانیشتوان : **53,900** (ناو شارەدێ)؛ **7,900** (کامپی پەنابەران)
ساڵی دامەزراندنی شارەدێ: **1957** ؛ (کامپی پەنابەران) **2013**
دووری لە هەولێر: **23** کم
رووبەر: **5.5** ملیۆن م$^2$ (ناو شار) ؛ **426,000** م$^2$ (کامپی پەنابەران)
خاوەنکارە سەرەکییەکان : کشتوکاڵ





دەستەی وەبەرهێنانی قوشتەپە

# چوارچێوەی کاری وەبەرهێنانی هاوبەش

پێڕستی وەبەرهێنانی قوشتەپە لەسەر ئاستی خۆجێیی داڕێژراوەو بەڕێوەدەبرێت، بەڵام بەشێکە لە کۆششی دابینکردنی ئامرازو رێگاکان بۆ کوردستان لەپێناو کارکردن بەرەو پەرەپێدانی بەردەوام. دیدگای کوردستان 2030 چوارچێوەی کار بۆ گەشەپێدانی نیشتیمانی و خۆجێیی فەراهەم دەکات بۆ هەردوو کەرتی تایبەت و حکومەت (گشتی).




دیدگای گەشەپێدان کە کۆڵەگەی ئەم پێڕستەی وەبەرهێنانە بەشێکە لەو چوارچێوەیەی کارکردن. واژووی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار لەسەر دیدگای گەشەپێدان، پێگەی سیاسەتی فەرمی پێبەخشیوە. لە کاتی گونجاودا، ئەم پێڕستەش دەبێتە بەشێک لە ستراتیژی نیشتیمانی.

بەم شێوەیە، کاتێک دەستەی وەبەرهێنانی قوشتەپە لە لایەن بەڕێوەبەری شارەدێیەکە سەرۆکایەتی دەکرێت، کارێکی نامۆ نابێت. ئەندامانی تر لە دەستەکەدا، نوێنەرایەتی خاوەن بەرژەوەندیە سەرەکییەکان و کۆمەڵگاو دانیشتوانی پەنابەر دەکەن. وەبەرهێنان یەکسانە بە بەشداریکردن. لە کاتێکدا کە سەرووەری حکومەتی خۆجێیی مسۆگەر کراوە، داوا لە وەبەرهێنەرانیش دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە پەرەپێدانی قوشتەپە.



بە یەکەوە کارکردن

# بەشداریکردن لەپێناو بەردەوامیدان

ئەم پێڕستی وەبەرهێنانە ڕەنگدانەوەی راستییەکانی گەشەپێدانە. ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان، نیشانی دەدەن کە پلانیان بۆ داڕێژراوەو پێشبینیکراون – لە کەرتی تایبەت و حکومی - و لەلایەن هاوبەشەکانی گەشەپێدانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە پشتگیری دەکرێن. گەشەسەندنەکانی داهاتوو لەسەر ئاستی درێژخایەن، بە یەکەوە دادەڕێژن. چوارچێوەی کات پەیوەستە بە ستراتیژی وەبەرهێنانی نیشتمانی و پارەی بەردەست و پێشهاتە نێودەوڵەتییەکان.

وەبەرهێنان، پڕۆژە وەبەرهێنانی تازە دێنێت. کاتێک چەند پڕۆژەیەک جێبەجێدەکرێن، هاوبەشی تازە، بە تایبەتی لە کەرتی تایبەت، ئەو دەرفەتانە دەبینێت کە قوشتەپە دەتوانێت پێشکەشیان بکات. ئەم وەبەرهێنانە گەورەیە راستییەکە لە ڕێگەی ئەو پڕۆژانەی کە پێشتر لەلایەن رێکخراوی UNHCR جێبەجێ دەکرێن وەک هێڵی تازەی کارەبا و قوتابخانەی نوێ کە لەلایەن رێکخراوی یونیسێفەوە UNICEF جێبەجێ دەکرێت.

ئەم پڕۆژانە وادەکەن شارەدێیەکە زیاتر سەرەنجڕاکێش بێت بۆ خاوەنکارە ناوخۆییەکان کە چالاکییەکانیان دەبێتە هۆی زیادکردنی باج و داهات. ئەو باجەی کۆدەکرێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی پارە دابین دەکات بۆ پێشکەشکردن و بەردەوامیدان بە خزمەتگوزارییەکان. لەسەر ئاستی نیشتیمانیش دەبن بە بنچینەی وەبەرهێنان کردنی تازە لەژێرخانی چاودێری تەندروستی و پەروەردە.

پڕۆسەکە لەسەر ئاستی خۆجێیی بەڕێوەدەچێت بەڵام لە لایەن تیمی پلاندانانی شارستانی لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار پاڵپشتی دەکرێت. بنیاتنانی توانا (تواناسازی) سێگۆشەی وەبەرهێنان و حکومەتی خۆجێیی و نیشتمانی بەهێز دەکات.

دانیشتوانی کۆمەڵگەی پەنابەران و خانەخوێ بەشێکی دانەبڕاون لە پڕۆسەکەدا. بەشداریکردنیان دڵنیایی دەدات لەوەی کە گەشەپێدان ڕەگ و ڕیشەی لە پێداویستییە ناوخۆییەکاندایە و هاندەری خاوەندارێتی ناوخۆییە. هێنانەکایەی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی دەرفەتەکان بۆ خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان لە ناوەڕۆکی پڕۆسەی بەشداریکردندان.

چوار پرۆگرامەکەی کارکردن

# دیدگایەکی یەکگرتووی درێژخایەن




## 1. ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو

① (بڕوانە نەخشە پەڕی 14 بۆ پرۆژە دیاریکراوەکان)

## 2. گواستنەوەی گشتی و باشکردنی شەقامەکان

(2a) ڕێگای گەیشتن بە کامپی پەنابەران
(2b) وێستگەی گواستنەوەی گشتی
(2c) چاککردنەوەی شۆستەو شەقامەکان

## 3. ژێرخانی بنچینەیی

(3a) هێڵی کارەبا
(3b) توێژینەوەکردن دەربارەی تۆڕی ئاوەڕۆ
(3c) تۆڕی دابینکردنی ئاو

## 4. دامەزراوەکان و خزمەتگوزارییەکان

(4a) باڵەخانەی فریاگوزاری
(4b) باخچەی ساوایان
(4c) گردی شوێنەواریی
(4d) نۆژەنکردنەوەی بنکە کۆنەکەی پۆلیس
(4e) نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی دامەزراوەکانی حکومەت
(4f) چاککردنەوەی قوتابخانە



**11** بەردەوامی شارو کۆمەڵگاکان

ئامانجی (11) یانزەهەمین ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوامی ئەوەیە شارەکان گشتگیرو سەلامەت و خۆڕاگر و بەردەوام بن.
یەکێک لە ئامانجەکان ئەوەیە کە پێویستە سەرجەم دانیشتوان دەستیان بگات بە شوێنە گشتی و سەوزەکان هەروەها سەلامەتیان پارێزراوبێت و بنەمای گشتگیری جێبەجێ بکرێت.

ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو شوێنێکی پڕ ژیان و گشتگیر بۆ دانیشتوانی قوشتەپە فەراهەم دەکات هەروەها بەڕێوەبردنی ئاوی سروشتی و ناوچە سەوزەکان.



به یەکەوە کارکردن لەسەر

# 1 ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو

ڕێگای کۆنی کەرکوک لە قوشتەپە، هاوتەریب لەگەڵ ڕێگا خێراکەی ئێستا، شارەدێیەکە دەبەستێتەوە بە کامپی پەنابەرانی سوریا و کاوە – کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارە ئێرانییەکانە. ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو پەرە بە دەرفەتە ئابوورییەکان دەدات بەدرێژایی ڕێگاکە لە هەمان کاتدا ئاسانکاری نوێ بۆ دانیشتووان دابین دەکات. هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەتازەباوکردنی (مۆدێرنکردنی) شارەوانی.

پلاندانانی باش لە چارەسەرکردنی ئەو ئاڵنگاریانە دەست پێدەکات کە سروشت سەپاندوویەتی بەسەر ناوچەکەدا. ئاو توخمێکی گرنگە. دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بە شێوەیەکی پێویست، چ بۆ بەکارهێنان و چ بۆ ئاودێری، ئاڵنگارییەکی گەورەیە. لافاوی بەگوڕ لە قوشتەپە دووبارە دەبێتەوە و پێویستە لە داڕشتنی نەخشەی ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵدا چارەسەر بکرێت.

هەروەها خزمەتگوزارییە نوێیەکان ژینگەی سەوزی چەسپاون. ئەم سەوزاییە تەنها جوانی نابەخشێت: بەڵکو یارمەتی هەڵمژینی گەرمی زیادە دەدات و ڕێگری لە تێکچوونی خاک دەکات.

کارکردن لە شێوەی کارە ئاساییەکان و لەبەرامبەر کرێ یان مووچە، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەشەپێدان. ئامانجی پلانەکانی ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو دابینکردنی ئەو جۆرە هەلی کارانەیە. دامەزراوەو خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان پلانیان بۆ دانراوەو لەگەڵیاندا بە ووردتر دەخرێنەڕوو.

شوێنەکانی پشوودان و حەسانەوە کە نەخشەیان بۆ داڕێژراوە نزیک لە ڕێگای خێرا، قوشتەپە دەکەنە شوێنێک بۆ گەشتیاران تا پشوو بدەن. ئامانجی دوکانەکان خزمەتکردنی ڕێبواران و دانیشتوانی قوشتەپە و گوندنشینانی ناوچەکەیە.

## پڕۆژەکانی ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو

- 1a شۆستەی بە سێبەرەوە
- 1b سەنتەری زانیاری
- 1c سەنتەری گەنجان و لاوان
- 1d گۆڕەپانی یاریکردن
- 1e فرۆشگا ناوخۆییەکان
- 1f فرۆشگا بە ناونیشانی بازرگانی (براند)
- 1g چێشتخانەو کافتریاکان (چایخانەکان)
- 1h گۆڕەپانی گشتی
- 1i ناوچەی سەوزایی ناوەندی و کەناڵێک بۆ ئاوی باران و زریان
- 1j شوێنی پشوودان
- 1k شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبێل




ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو راستەوخۆ دەکەوێتە پێش کامپی پەنابەرانی سووریا. ئەم پلانەی سەرەوە بەکارهێنانی هەمەچەشنی ئەم ناوچەیە پیشان دەدات لە فرۆشگاکان و شوێنە گشتییەکاندا. تایبەتمەندییە سروشتییە سەرەکییەکان، کە خۆی دەبینێتەوە لە کەناڵێک بۆ ئاوی زریان و ناوچەی سەوزایی، شوێنێکی گشتی خۆشن هەروەها یارمەتیدەر دەبن لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لافاو.



| پڕۆژەکانی ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو | تێچووی خەمڵێنراو |
|---|---|
| شۆستەی بە سێبەرەوە | $325,000 |
| سەنتەری زانیاری | $135,000 |
| سەنتەری گەنجان | $180,000 |
| گۆڕەپانی یاریکردن | $100,000 |
| فرۆشگا ناوخۆییەکان | $230,000 |
| فرۆشگا بە ناونیشانی بازرگانی (براند) | $230,000 |
| چێشتخانەو کافتریاکان (چایخانەکان) | $360,000 |
| گۆڕەپانی گشتی | $115,000 |
| ناوچەی سەوزایی ناوەندی و کەناڵێک بۆ ئاوی باران و زریان | $30,000 |
| شوێنی پشوودان | $150,000 |
| شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبێل | $50,000 |
| کۆی گشتی | $1,905,000 |

کۆی گشتی هەلی کارە ڕاستەوخۆکان: 870

کۆی گشتی هەلی کارە ناڕاستەوخۆکان: 186

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو وەک شوێنێک رەچاوکراوە کە هەموو تاکێک لە قوشتەپە بەماڵی خۆی بزانێت. بۆیە گەنج و پیر، دەوڵەمەند و هەژار، ژن و پیاو، پەنابەر و دانیشتوانی خانەخوێ و خێزاندارو سەڵت بەشداری لە پرۆسەی جێبەجێکردنەکەدا دەکەن. هەموویان بە یەکەوە پێداویستییەکانی نەخشەدانان و ڕێنماییەکان بۆ بابەتەکانی وەک سەلامەتی و تایبەتمەندییە ژینگەییەکان و دەرفەتەکانی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی پرۆژەکان دیاری دەکەن. پرسی سەرەکی پەیوەست دەبێت بە ئامادەکردنی پلانێک بۆ پاراستن و پاککردنەوەی ڕێچکەی ئاوی زریان و ناوچەی سەوز. هەماهەنگی کردن لەگەڵ دانیشتوانی گەڕەکەکان یاخود ڕێککەوتن لەگەڵ فرۆشگاکانی لەریزی یەکترن، ڕەنگە بەشێک بن لە چارەسەرەکە. لەگەڵ دروستکردنی شەقامەکان و سێبەرکردن، کاری گەشەپێدان دەست پێدەکات.



ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو شتێک پێشکەش دەکات بە هەر کەسێک، جا ئەو کەسە نیشتەجێی ناو قوشتەپە یان لادێکانی دەوروبەری بێت یاخود گەشتیار یان ڕێبوار بێت. لە نەخشەکەی سەرەوەدا، کەناڵی ناوەندی بۆ ئاوی باران و زریان و ناوچەی سەوزایی روونکراونەتەوە.

## (1a) شۆستەی شەقام بە سێبەرەوە

شۆستەکانی شەقام وا لە پیادەکان دەکات شەقامەکان بەکاربێنن بە شێوەیەکی سەلامەتتر هەروەها گونجاندنی ڕێگاکە بۆ ڕۆیشتن. زۆرجار لە پلەی گەرمای بەرزدا ڕۆیشتن ئاستەمە. بۆیە سێبەرکردن و دارەکان ژینگەکە خۆشتر دەکەن و دەرفەتی یەکتربینین دەڕەخسێنێت بۆ دانیشتووان و لە هەمان کاتدا کڕیار بۆ خاوەنکارە بچووکەکان زیاد دەکات.

## (1b) سەنتەری زانیاری

شوێنێکی وەک سەنتەری زانیاری وادەکات ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو شوێنێکی گرنگ بێت بۆ ڕووداوەکان. دانیشتووان و خاوەنکاران و بەرپرسانی شارەوانی دەتوانن هاوبەشی بە زانیارییەکان بکەن دەربارەی هەلی کاری تایبەت و هەواڵی تازە دەربارەی خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان.

## (1c) سەنتەری گەنجان و لاوان

دانیشتوانی قوشتەپە گەنجن. گەنجان و لاوان پێویستییان بە شوێنێکە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی دەرەوەی خێزان و قوتابخانە. تۆڕی پەیوەندی نێوان چین و توێژەکانی شارەدێیەکە لەو سەنتەرانەی تایبەت بە گەنجان و لاوان بەهێزتر دەبێت، بە تایبەتی لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەی لە ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو ئەنجام دەدرێن. ئەم سەنتەرە دڵنیایی دەدات کە ئەم ناوچەیە لەوە گەورەترو زیاترە کە تەنها ناوچەیەکی بازرگانی بێت.

## (1d) گۆڕەپانی یاری

منداڵانی قوشتەپە پێویستیان بە شوێنێکی ئارام هەیە بۆ یاریکردن لەژێر چاودێری دایکان و باوکانیان. هەروەها ئەو گۆڕەپانی یارییەی پلانی بۆ ئامادەکراوە شوێنێک بۆ منداڵان دەستەبەر دەکات بۆ پەرەپێدانی توانا جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکانیان.

## (1e) چێشتخانە و کافتریاکان

ژمارەیەک چێشتخانە و کافتریا خواردن پێشکەش دەکەن بە گەشتیاران و ئەو کەسانەی بۆ بازاڕکردن سەردانی شوێنەکە دەکەن.  پێشکەش کردنی خواردنەکان بە تام و نرخی هەمەچەشن دەبن بۆ ئەوەی بگونجێن لەگەڵ باری دارایی و حەزو خواستی کڕیاران. ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو سەرنجڕاکێشتر دەبێت بە هەبوونی ئەم خزمەتگوزاریانە سەرەڕای دابینکردنی هەلی کار.

## (1f) فرۆشگا ناوخۆییەکان

بیست فرۆشگای ناوخۆیی، دەبێتە شوێنێک بۆ خاوەن فرۆشگاکان بۆ فرۆشتنی پێداویستییەکانی



ڕۆژانە و دابینکردنی هەلی کار هەروەها ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو پڕ چالاکی دەبێت. قەبارەو ڕووبەری دوکانەکان لەنێوان **50** بۆ **100** م$^2$ دەبن.

## (1g) فرۆشگاکانی بە ناونیشانی بازرگانی

فرۆشگاکانی بە ناونیشانی بازرگانی گەورەترین فرۆشگاکانی ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو دەبن. ڕووبەری ئەم فرۆشگایانە لەنێوان **200** بۆ **400** م$^2$ دەبن. وەک هەر سەنتەرێکی بازرگانی یاخود مۆڵێک، دەتوانن سەرەنجی کڕیاران ڕابکێشن لە سەرجەم شوێنەکانی تر لە شارەدێیەکە یاخود گوندەکانی دەوروبەری شارەدێیەکە. لە لایەکی
ترەوە، فرۆشگا بچووکەکان دەتوانن سوود و قازانج لەم فرۆشگا گەورانە بکەن.

## (1h) گۆڕەپانی گشتی

گۆڕەپانی گشتی کە ڕووبەرەکەی **2000** م$^2$ دەبێتە دڵی ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو. دەبێتە شوێنێک بۆ پشوودانی ئەو کەسانەی پیاسە دەکەن و لە کۆتایی ڕۆژدا هیلاک دەبن یان بۆ ئەوانەی لە بازاڕکردن تەواو دەبن. هاوکات دەکرێت ببێتە شوێنێک بۆ سازدانی بۆنە و ئاهەنگ و کۆبوونەوەکان.

## (1i) ناوچەی سەوزایی و ڕێچکەیەک بۆ ئاوی زریان و باران

لافاوی بە خوڕ بووە بە گرفتێکی بەردەوام کە پێویستە کەمبکرێتەوە تا زیان نەگەیەنێت بە ژێرخان و دامەزراوە تازەکان. شوێنێهک بە ڕووبەری **400** م$^2$ وەک ناوچەیەکی سەوزایی گرنگە بۆ ئەو پلانانەی ئامادەکراون بۆ ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو. بەڕێوەبردنی ئاو بە شێویەکی کاریگەرو زیرەکانە یارمەتیدەر دەبێت لە دابینکردنی ئاوی بەردەوام بۆ ئەم ناوچەیە سەوزاییە.

## (1j) شوێنی پشوودان

شوێنی پشوودان، زۆر جیاواز نییە لە باخچە کلاسیکییەکانی چا خواردنەوە، شوێنی خێزانی و دۆستانەیە کە هەموو تەمەن و چین و توێژێک تێیدا کۆدەبنەوە بە مەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش. ئەو کۆشکانەی لە شوێنەکەدا دەبن، خزمەتگوزاری پێشکەش بە کڕیاررەکان دەکەن هاوکات هاوکار دەبن لە پاک ڕاگرتن و ڕێکخستنی شوێنەکە.

## (1k) شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبێل

هیچ سەنتەرێکی بازرگانی یاخود شوێنێکی پشوودان تەواو نابێت بەبێ هەبوونی شوێنێک بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبێل. پارچەیەک زەوی بە ڕووبەری **5000** م$^2$ لە باشووری کۆتایی ناوچەی بەکارهێنانی تێکەڵاو تەرخانکراوە بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبێلی خاوەن فرۆشگاکان و ڕێبواران و دانیشتوانی ناوچەکە.



ئامانجی (9) نۆهەمین ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوامی ئەوەیە، ژێرخانی بەهێزو بەرگەگر هەبێت و هاندانی گشتگیری و بەردەوامیدان بە کەرتی پیشەسازی و تایبەت هەروەها پشتگیری کردن لە داهێنان و تازەگەری.

9 پیشەسازی و داهێنان و تازەگەری و ژێرخان

پرۆژەکانی گواستنەوە لە پێرستەکەی قوشتەپە، دانیشتوانی قوشتەپە بە یەکتر دەگەیێنن بە شێوەیەکی سەلامەت و کارا، جا ئەگەر بەپێ بڕۆن یان بە پاس یاخود بەبەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی خۆیان.




به یەکەوە کارکردن لەسەر

# 2 گواستنەوەی گشتی و باشکردنی شەقامەکان

قوشتەپە، بە زیاتر لە 50 هەزار هاویشتیمانی و ئابوورییەکی گەشەسەندوو، دەتوانێت زیاتر پێشکەش بکات بە بەراوورد بە ژمارەیەکی زۆر لە شارەوانییە بچووکەکان. شۆستەو ڕێگاوبان و شەقامە باشەکان ڕێگا خۆش دەکەن بۆ دانیشتووان کە شەقامەکان بە سەلامەتی بەکاربهێنن. گواستنەوەی گشتی بزوێنەرێکی سەرەکی گەشەپێدانە. کرێکاران دەگەیێنە سەر کارەکانیان و منداڵەکان دەگەیەننە قوتابخانە بەبێ ئەوەی تەنها پشت بە ئۆتۆمبێل ببەستن. بەستنەوەی گەڕەک و دامەزراوەکان بە یەکەوە هەڵبژاردەیەکی گرنگە.لە سەرانسەری جیهاندا، خەڵک حەز بەو شوێنانە دەکەن کە دەرفەتی ڕۆیشتن و ڕێکردنیان هەبێت. ئەم شوێنانە هەموو خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان پێشکەش دەکەن بە گوێرەی دووری پێویست بۆ بەپێ ڕۆیشتن هەروەها ڕێکخستنی شۆستەو ڕێگا و شەقامەکان بۆ ئەوەی بەپێ ڕۆیشتن ئاسان بێت.

قوشتەپە ڕێبازی «خەڵک یەکەمجاری» ی هەڵبژاردووە بە شێوەیەک کە هەر بڕیارێک لە پرۆسەی پلانداناندا دەدرێت، بە بەشداری خەڵک دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا، شوێنێک تەرخانکراوە بۆ ئۆتۆمبێلەکان. هەروەها پلاندانان و بەردەوام چاکسازی کردن لە ڕێگاو شەقامەکان سەلامەتی مسۆگەر دەکات بۆ هەموو بەکارهێنەران.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| ڕێگای گەیشتن بە کامپی پەنابەران | $240,000 | 25 | 2 |
| وێستگەی گواستنەوەی گشتی | $70,000 | 40 | 400 |
| چاکردنەوەی شۆستەو شەقامەکان | $900,000 | 30 | 3 |
| کۆی گشتی | $1,210,000 | 95 | 405 |



وێنەی سەرەوە: یانزە وێستگەی پاس دەبێتە بڕبڕەی پشتی سیستەمێکی نوێی گواستنەوەی گشتی بۆ شارەدێی قوشتەپە، لەوانەش کامپی پەنابەران و کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی کاوە. وێنەی خوارەوە: وێستگەی گواستنەوەی گشتی دەبێتە ناوەندی جموجووڵ و هاتوچۆکردن.






## ⓶a ڕێگای گەیشتن بە کامپی پەنابەران

ڕێگای کۆنی کەرکوک ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ بە یەکەوە بەستنەوەی قوشتەپە. باشترکردنی ڕێگاکە هەنگاوی یەکەمە بۆ بەدیهێنانی دیدگای گەشەپێدان بۆ شارەوانی. بەشی یەکەمی کارەکە جێبەجێ کراوە. پلانی تەواوکردنی چینی سەرەوەی ڕێگاکە لە ئارادایە.

بنیاتتان لە ئارادایە

## 2b وێستگەی گواستنەوەی گشتی

وێستگەی گواستنەوەی گشتی قوشتەپە کە پلانی بۆ داندراوە، هاوکار دەبێت لە گواستنەوەی ناوخۆیی و بەستنەوەی هێڵەکانی سەرجەم گوندەکانی دەوروبەری و دواتر بەستنەوەیان بە دەڤەری هەولێر. ئەم وێستگەیە خزمەتگوزاری بۆ پاس و شۆفێری پاس و سەرنشینەکان دابین دەکات. لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ڕێکخستنەوەی گواستنەوەو هاوکات ڕەخساندنی هەلی کار.

## 2c چاککردنەوەی شۆستەو شەقامەکان

شەقام و شۆستەکانی ئێستای قوشتەپە ماوەیەکی زۆرە وەک پێویست گرنگیان پێنەدراوە. داپۆشینی ڕووی ڕێگا و شۆستەو شەقامەکانی سەرەکی قوشتەپە - کە لە باکوورەوە بۆ باشوور دەڕوات و هەموو گەڕەکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە — باشتر دەکرێت بە گوێرەی شێوازە تازەباوەکان (مۆدێرن). بە گشتی، **150,000** م$^2$ نۆژەن دەکرێتەوە، لەنێویاندا دابینکردنی شوێنی زیاتر بۆ پیادەو ڕۆیشتن لەناو هەروەها لە دەوروبەری ناوچەی نوێی بەکارهێنانی تێکەڵاو.

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

دانیشتوانی قوشتەپە لەگەڵ پسپۆڕان کاردەکەن بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی تۆڕی گواستنەوە، وەک شوێن و قەبارەی شۆستەو شەقامەکان، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی پرسە سەرەکییەکانی، وەک مەترسییەکانی ئێستا یان خاڵە نوێیەکانی گەیشتن کە پێویستن. هەمەجۆریی لە پیادەو پاسکیلسوارو بەکارهێنەرانی پاس و ئۆتۆمبێل - لە ناوچە جیاوازەکانی شارەدێیەکە — ڕەچاودەکرێن. لە حاڵەتی هەبوونی وێستگەی گواستنەوەدا، کۆمپانیاکانی پاسیش بەشدار دەبن.



9 پیشەسازی و داهێنان و تازەگەری و ژێرخان

ئامانجی (9) نۆهەمین ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوامی ئەوەیە، ژێرخانی بەهێزو بەرگەگر هەبێت و هاندانی گشتگیری و بەردەوامیدان بە کەرتی پیشەسازی و تایبەت هەروەها پشتگیری کردن لە داهێنان و تازەگەری.

پڕۆژەکانی ناو پێڕستەکە پێکەوە دەبنە هۆی گەشەپێدانێکی گشتگیری ژێرخانی قوشتەپە کە دەرفەت بۆ دانیشتووان و خاوەنکارەکان دەڕەخسێنن بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر.



بەیەکەوە کارکردن بۆ

# 3 ژێرخانی بنچینەیی

و پاراستنی ژێرخانی هەمیشە قورس بووە و زۆرجاریش مەحاڵ بووە. کاری لەپێشینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخدانە بە ژێرخان، بەڵام زۆر شتیش ماوە بیکات.

پێڕستی وەبەرهێنانی قوشتەپە لیستێکە بەو پڕۆژانەی پەیوەستن بە پێویستییەکانی ژێرخان کە خزمەت بە گەشەسەندنی دانیشتووان دەکات.

حکومەت و هاوبەشەکانی گەشەپێدان ئامانجیان هەم باشترکردنی دامەزراوەکانی ئێستا و هەم دروستکردنی ژێرخانی تازەیە.

ڕێکخراوەکانی وەک UNHCR و UNICEF شان بە شان لەگەڵ وەزارەتە بەرپرسیارەکان بەشدارییەکی چالاکانە لە درێژکردنەوە و باشترکردنی ژێرخانی بنەڕەتی قوشتەپە دەکەن. ئەمەش ژیانی دانیشتووان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باشتر دەکات لە ڕێگەی فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری باشتر هاوکات دەرفەتەکانی ئابووری و باشترکردنی تەندروستی گشتی دەرەخسێنێت..گشتی دەرەخسێنێت.
بە گوێرەی مێژووی ناوچەکە بێت دابینکردن

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| هێڵی کارەبا | $614,000 | 25 | 4 |
| لێکۆڵینەوە لە تۆڕی ئاوەڕۆ | $31,000 | 12 | 2 |
| لێکۆڵینەوە لە تۆڕی دابینکردنی ئاو | $100,000 | 12 | 2 |
| کۆی گشتی | $780,000 | 37 | 6 |



وێنەی سەرەوە: قوشتەپە شوێنێکە بۆ کۆمپانیا گەورەکانی کشتوکاڵی، وەک کۆمپانیای ئەربیل فید – کۆمپانیای هەولێر بۆ ئالیک - (کارگەکە لە وێنەی سەرەوە نیشان دراوە)، هەموو ئەمانە پشت بە وزەی متمانەپێکراو دەبەستن. وێنەی خوارەوە: جێبەجێکردنی هێڵی کارەبای نوێ لەلایەن ڕێکخراوی UNHCR ەوە لە ئێستاوە بەردەوامە.





## 3a هێڵی کارەبایی

هێڵێکی گەیاندنی حەوت کیلۆمەتری کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی کاوە بە وێستگەی لاوەکی قوشتەپە دەبەستێتەوە. بەم شێوەیە ژمارەی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتیمانی لە لایەن حکومەتەوە لەم ناوچەیە لە شەش کاتژمێرەوە بۆ هەژدە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا زیاد دەکات. کەمکردنەوەی بەکارهێنانی مۆلیدە تایبەتەکان (ئەهلییەکان) دەبێتە هۆی پاشەکەوتکردنی پارەی دانیشتووان و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگە.

بنیاتنان تەواو بووە

## 3b لێکۆڵینەوە لە تۆڕی ئاوەڕۆ

تۆڕی ئاوەڕۆی ئێستا لە کامپی ئاوارەکان و کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی کاوە باشتر دەکرێت. ئاوی ئاوەڕۆی ماڵەوە هەروەها ئاوی باران و لافاوەکان دەچنە ناو ئەو تۆڕی ئاوەڕۆی سەرەکی کە پلان بۆ داڕێژراو. وێستگەیەکی پاککردنەوەی ئاوی پیس سیستەمەکە تەواو دەکات. لەم قۆناغەدا، ئاو بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییە پەسەندکراوەکان چارەسەر دەکرێت و پاکدەکرێتەوە. کاتێک ئاوەکە چارەسەر کرا، دەتوانرێت بۆ مەبەستی ئاودێری بەکاربهێنرێت.

## 3c لێکۆڵینەوە لە تۆڕی دابینکردنی ئاو

قوشتەپە بۆ ئاوی خواردنەوەی پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستێت. پێویستە جێگرەوەیەکی هەمیشەیی هەبێت چونکە ئاستی ئاو دادەبەزێت و ناوچەکە لە ژێر مەترسی وشکەساڵی تونددایە. زۆرێک لە بیرەکان ووشک بوونە. هەنگاوی یەکەم بریتی دەبێت لە ئامادەکردنی توێژینەوەیەک پەیوەست بە کەڵک و تواناکان بۆ تێڕوانین لە ئەگەرەکانی بەردەست.

### بنیاتنانی کۆمەڵگا

تۆڕێک بۆ باشترکردنی وزە و ئاو و پاکوخاوێنی بە تێگەیشتنێکی باش لە پرسە هەنووکەییەکان و داواکارییەکانی بەکاربەرانی کۆتایی دەستپێدەکات. هەروەها پەرەدەدرێت بە ڕێککەوتنەکانی پەیوەست بە چاککردنەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان. بژاردەکانی تایبەت بە پارەدان لەبەرامبەر خزمەتگوزارییەکان، وەک ئامادەیی بۆ پارەدان، لەگەڵ بەکاربەران و هاوبەشان لە ڕێگەی ڕاپرسی یان گفتوگۆی بە کۆمەڵ (focus group) تاقی دەکرێنەوە.



**3** تەندروستی باش و خۆشگوزەرانی

ئامانجی (3) سێیەمی گەشەپێدانی بەردەوام دەستەبەرکردنی ژیانێکی تەندروست و پەرەپێدانی خۆشگوزەرانییە بۆ هەموو کەسێک و تەمەنێک.

ژیانی تەندروست و خۆشگوزەرانی دەستەبەر دەبێت بە هەبوونی ئاسایش و پەروەردەو دەزگا سەرەکییەکانی تەندروستی. ئەو دامەزراوە نوێ و تازەگەرییانەی پلانیان بۆ داندراوە لە قوشتەپە پشتگیری لە بەدیهێنانی ئامانجەکە دەکەن.





# 4 دامەزراوەو دەزگا خزمەتگوزارییەکان

دامەزراوەو دەزگا خزمەتگوزارییەکان لە قوشتەپە پێویستییان بە فراوان کردن و چاکسازی هەیە بۆ ئەوەی لە خزمەتی دانیشتوان بن کە بەردەوام لە زیادبووندایە. پێویستییەکان زۆرن بەڵام بەپێی گرنگیان ئەولەویەتیان پێدراوە لە لایەن کۆمەڵەیەکی فراوان لە لایەنە پەیوەندیدارەکان. پێویستییەکان بریتین لە نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکانی ئێستا لەگەڵ خزمەتگوزارییە سەرەکییە نوێیەکانی وەک باخچەی ساوایان و سەنتەری فریاکەوتن لەخۆدەگرێت.

بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پەیوەستە بە هاوبەشە جیاوازەکانەوە. هەندێک پرۆژە حکومەتی ناوەندی لە ئەستۆیان دەگرێت و لە پلانی مامناوەنددا یەکدەخرێن، هەندێکی دیکەش هاوبەشەکانی گەشەپێدان لە ئەستۆی خۆیان دەگرن. پرۆژە جێبەجێکراوەکان پێکەوە پرۆژەی وەبەرهێنانی تازە ڕادەکێشن. بەم شێوەیە قوشتەپە داهاتووی خۆی دروست دەکات.

| | تێچووی خەمڵێنراو | هەلی کاری ڕاستەوخۆ | هەلی کاری ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| سەنتەری فریاگوزاری | $810,000 | 400 | 50 |
| باخچەی ساوایان | $1,000,000 | 70 | 15 |
| گردی شوێنەواری | $225,000 | 275 | 38 |
| نۆژەنکردنەوەی بنکەی کۆنی پۆلیس | $90,000 | 450 | 20 |
| نۆژەنکردنەوەی باڵەخانە حکومییەکان | $855,000 | 35 | 10 |
| چاکردنەوەی قوتابخانە | $120,000 | 40 | 2 |
| کۆی گشتی | $3,100,000 | 1,270 | 135 |

## (4a) سەنتەری فریاکەوتن

سەنتەری فریاکەوتن پێکدێت لە خزمەتگوزاری ئەمبولانس لەگەڵ هاوکاری پزیشکی بۆ جێگیرکردنی بارودۆخی نەخۆشەکان. سەنتەری فریاکەوتن هەڵدەستێت بە دابینکردنی چاودێری پێویست بۆ نەخۆشەکان تا دەتوانرێت بگوازرێنەوە بۆ نەخۆشخانەکان و دامەزراوە پزیشکییە تایبەتمەندەکانی تر.

## (4b) باخچەی ساوایان

دانیشتووانێکی گەنجی وەک قوشتەپە پێویستیان بە خزمەتگوزاری پەروەردەیی زۆرە. بۆ منداڵان، ئەمە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە دەست پێدەکات. زۆرجار باخچەی ساوایانی ئێستا لە شارەدێیەکەدا وەک شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ بەکارهێنراون. بۆیە باخچەی ساوایانی نوێ یەکێک لە بۆشاییە سەرەکییەکانی سیستەمی پەروەردە پڕدەکاتەوە.

## (4c) گردی شوێنەواری

دەگوترێت هەولێر کۆنترین شاری سەر رووی زەوییە کە ژیان تێیدا بەردەوام بووەو ئاوەدان بووە. قوشتەپە بەشێکە لەو ناوچە گەورەیەو هاوبەشی ئەو مێژووە زۆر دوور و درێژەیە. ئەو گردە ناوچەیەکی شوێنەوارییە کە لە گۆڕستانێکی بچووک پێکهاتووەو چەند شوێنێکی هەڵکۆڵدراوە، شایەتحاڵی ئەو مێژووەیە. ئامانجی پڕۆژەکە ئەوەیە کە گردەکە بکاتە ناوەندی باخچەیەکی گشتی لەگەڵ دروستکردنی مۆنیومێنتێکی (پەیکەرێکی مێژوویی) شیاو. لە ئەنجامدا، باخچەکە دەبێتە شوێنی یادکردنەوە و هەروەها بەکارهێنانی بۆ ئەنجامدانی یادە نەتەوەیی و ئایینیەکان.





دەزگاو دامەزراوە سەرەکییەکانی قوشتەپە پێویستییان بە پێشخستن و نوێکردنەوە هەیە وەک نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی دامەزراوە حکومییەکان کە لە (وێنەی خوارەوە لای ڕاست) دەبینرێت هەروەها دروستکردنی باڵەخانەیەکی نوێ بۆ فریاکەوتن کە لە وێنەکەی (ناوەڕاست و لای چەپ) دەردەکەوێت. گردەکەش وەک ناوچەیەکی شوێنەواری (کە لە وێنەی سەرەوە لای ڕاست) دەبینرێت، یارمەتی دانیشتوان دەدات بۆ هاوبەشیکردن و بەرز ڕاگرتنی ئەم کەلەپوورە دەوڵەمەندەی شارەدێیەکەیان.




دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانە گشتییە سەرەکییەکان بە گوێرەی پێوەرەکانی ئێستاو سەردەمیانە دڵنیایی مسۆگەر دەکات بۆ شارەوانی کە دەتوانێت خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بە جۆرێکی باش پێشکەش بە دانیشتوانەکەی بکات.



### 4d نۆژەنکردنەوەی بنکە کۆنەکەی پۆلیس

بنکەی پۆلیسی قوشتەپە پێش ساڵی **1940** دروستکراوە. پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیەکی زۆر هەیە. ئامانجی یەکەم بنکەیەک دابین بکرێت بۆ هێزی پۆلیس بەپێی داواکاری و خواستەکانی سەردەم بۆ کاری پۆلیس. ئامانجی دووەم لە نۆژەنکردنەوەکە بریتییە لە بەکارهێنانەوەی بەشێک لە باڵەخانەکە وەک شوێنەوارێک بۆ نیشاندانی مێژووی ناوچەکە.

### 4e نۆژەنکردنەوەی باڵەخانە حکومییەکان

باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و شارەوانی و کارەبا کۆنن و کە بە گوێرەی داواکارییەکانی سەردەم نین. نۆژەنکردنەوەی ئەم باڵەخانانە، وەک دانانی سیستمی هەواگۆڕکێ و دابینکردنی ئاوو کارەبا، بەشێکە لە ستراتیژی گشتی تازەباوکردنی (مۆدێرنکردنی) قوشتەپە.

### 4f چاکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە

قوتابخانەکەی ئێستای کۆمەڵگای کاوە نۆژەن دەکرێتەوە. قوتابخانە بنەڕەتییەکانی قوشتەپە توانای وەرگرتنیان گونجاو نییە. قوتابخانەکەی کۆمەڵگای کاوە بە **12** پۆلەوە، قوتابیانی کۆمەڵگاکەو گەڕەکەکانی دەوروبەری وەردەگرێت.

پلاندانان لە ئارادایە

#### بنیاتنانی کۆمەڵگا

رازیبوون لەسەر پێشخستن و نوێکردنەوەی دەزگاو دامەزراوەکان خاڵی دەسپێکی کۆکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانە لەسەر مێزی گفتوگۆ. سەرکەوتن لەم کارە پشت دەبەستێت بە پلانێک بۆ دۆزینەوەو دانانی کارمەندانی شارەزاو ئاست بەرز، وەک مامۆستایان و کارمەندانی چاودێری تەندروستی هاوکات دابینکردنی سەرمایەو پارەی پێویست بۆ پێدانی کرێ و مووچەی ئەم کارمەندانە بۆ بەردەوامیدان بەم دامەزراوانەو پاراستنیان. بۆ دەستپێکردنی هەر پرۆژەیەک توێژینەوەیەک ئەنجام دەدرێت بۆ دەستنیشانکردنی پێویستییەکانی پەیوەست بەو شوێنەی ئێستا لەبەردەستە.



لایەنە پەیوەندیدارەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکان بە ئاستی جیاواز لە سەرکردەکانی کۆمەڵگاو وەبەرهێنەرانی خۆجێیی و بەرپرسانی حکومی بەشداری وێرکشۆپێکیان کردووە بۆ هەڵبژاردن و پێشینەدان (ئەولەویەتدان) بەو پرۆژانەی کە لەم پێڕستەدا (کەتەلۆگ) هاتووە.



جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاو

# شێوازی وەبەرهێنانی ستراتیژی

دەگوترێت کە ئامانجێکی بێ پلان تەنها خەونێکەو هیچی تر. حکومەتی خۆجێیی و کۆمەڵگای کارسازی و دانیشتوانی قوشتەپە بە خەونێک دەستیان پێکردووە بۆ شارەوانی شارەدێییەکەیان. خەونەکە گۆڕدراوە بە کۆمەڵێک ئامانج کە لە ڕێگەی پڕۆژەکانی ناو ئەم پێڕستە بەدیدێت.

پێڕستەکە گونجاوی لە نێوان پڕۆژە هەڵبژێردراوەکاندا بەرجەستە کردووە. هەر پڕۆژەیەکی جێبەجێکراو و بەدیهاتوو هەنگاوێکە بەرەو خەونی هاوبەشی قوشتەپە کە ژیانێکی باش بۆ هەمووان دابین بکات. شوێنێک بێت پێی بگوترێت ماڵ، بڕۆیت بۆ قوتابخانە و بۆ کارکردن. ناوەندێک بێت بۆ خەڵکی گوندەکان بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی، بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان و کڕینی ئەو بەرهەمانەش کە زەویەکانیان بەرهەمی ناهێنن.

پێڕستی وەبەرهێنان بەڵگەنامەیەکی زیندووە کە ڕێبازێکی ستراتیژی پێشکەش دەکات بۆ وەبەرهێنانی خۆجێیی. ڕێبازی وەبەرهێنان ئاراستە دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانی قوشتەپە و هاوپەیمانی وەبەرهێنەران و گەشەپێدەران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بۆ هەر پڕۆژەیەک کە پێکدەهێنرێت. هەروەها بەرپرسیار دەبن لە پلاندانان بۆ پاراستنی درێژخایەنی پڕۆژەکان، وەک بەڕێوەبردنی شوێنی سەوزایی و دامەزراندنی مامۆستایان و کارمەندانی قوتابخانەکان.

ئەو ڕێبازە یەکگرتووەی کە پێڕستەکە دەیگرێتەبەر، پڕۆسەی بڕیاردان بۆ حکومەتی خۆجێیی و ناوەندی و هەروەها بۆ خاوەنکاران و هاوبەشەکانی گەشەپێدان ئاسان دەکات. پێکەوە لەگەڵ خەڵکی قوشتەپە پڕۆژەکان بەدی دێنن و شان بە شانی ئەوەش خەونەکەی کوردستان ئایندە دروست دەکات.

## ئەم پێڕستەی وەبەرهێنان دەستپێشخەریەکە لە لایەن

شارەوانی قوشتەپە، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، کۆمەڵەی شارەوانییەکانی هۆڵەندا (VNG) نێودەوڵەتی، ئەنجومەنی پەنابەرانی دانیمارک هەروەها کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR.

## پەیوەندی بەم لایەنانەی خوارەوە بکە ئەگەر پرسیارت هەیە


شارەوانی قوشتەپە mc.qushtapa@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی شارستانی (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار) momt.gdup@gmail.com

VNG ی نێودەوڵەتی rawshan.atrooshi@vng.nl


تشرینی یەکەمی 2022